منداڵپارێزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund

# چرپەی چاپیرە



چەند رۆژێك بوو پشووی هاوین دەستی پێکردبوو. نمم و کاڵێ لە ژوورەوە دانیشتبوون و هەریەکەیان سەرقاڵی شتێك بوو. نمم بە کەمانچەکەی ئاوازێکی هێمنی ئەچڕی و کاڵێش تابلۆیەکی جوانی کێشابوو.

پاش کەمێك کاڵی دەستی لە تابلۆکە هەڵگرت و چووە لای نممەوەو لێپرسی: نمنم، سبەی بەیانی چی ئەکەی؟ نمم ئاوازەکەی وەستاند. پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو سەیرێکی کردو وتی: سبەی بەیانی..سبەی بەیانی لەگەڵ باواندا ئەچین ناوی خۆمان لە خولێکی مۆزیکدا ئەنووسین. کاڵێ قریوەیەکی بۆ کردو وتی: بە قوربانی خوا بم، منیش دێم و ناوی خۆم ئەنووسم. نمم هاواری کرد: ئەی گیان، چەند خۆشە تۆش بێیت. دە وەرە با هەر لە ئێستەوە چەند شتێکی سەرەتایت فێرکەم. چەندم پێ سەیر بوو، کاڵی لچێکی هەڵقورتاندو وتی: نا بە قوربانت بم، حەزم لە مۆزیك نییە. وازم لێبێنە.

خۆم پێنەگیرا دامە قاقای پێکەنین وتم: باشە بە میوانت بم، گەر حەزت لێ نییە، بۆ ئەچیتە خولەکەوە؟! کاڵی بە ساردییەکەوە وەڵامی دامەوە: ئاخر ئەگەر نمنم و باوان بەیانیان بچن بۆ خولەکە، من بە تەنها چی بکەم؟! ئەمەوێت لەگەڵ ئەواندا بم. نمم بزەیەکی بۆ کردو وتی: کاڵێ گیان، خولەکان بۆ فێربوونن، نەك کات بەسەربردن. تۆ ئەو تابلۆ جوانەت کێشاوە بۆ ناچیتە خولی وێنەکێشانەوە؟! کاڵی سەیرێکی تابلۆکەی کردو بە خەندەیەکەوە وتی: بەخوا راست ئەکەی من زۆرم حەز لە وێنەکێشانەو ئەبێ بچمە خولی وێنەکێشانەوە.

بەرگی یەکەم و دووەم: غەمگین فەتاح

سەرنووسەر

پەپوولە، گۆڤارێکی رۆشنبیریی، پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.سەرنووسەر: یاسین قادر زرگوێزی.دەستەی نووسەران: نەریمان عوسمان، ئەحمەد محەمەد.هونەریی: غەمگین فەتاح. دیزاین: سەرخێڵ شێخ مەهدی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی ( پێنج هەزار ) دەنەبلاودەکرێتەوە و چاپکردنی لە چاپخانەی پیرەمێردە.

ناونیشان: کوردستان- سلێمانی- منداڵپارێزی کوردستان.تەلەفۆن ( ٣٣٠١٠٤٢ )،( ٣٣٠١٠٤٣ )،( ٣٣٠٠٨٦٠ )،( ٣٣٠١٠٤٦ )،( ٠٧٧٠١٥٢٢٧١٨ )

لە بەرواری ٢٠١٠/١/٢٨ ژمارە متمانەی ( ٣٢ ) ی لە سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان وەرگرت.

PAPOOLA: MONTHLY CULTURAL&EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE.ISSUED BY: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
NO.152 - June .2010, Internet www.khak.org & www.ksc-kcf.com - E-maile: pepule1992@yahoo.com.